# نامو بوونی روحیک

كه ژال اسماعیل
2005-8-10
هولندا

ئای له غوربه ت
شه وی ........
کوتای نییه
ده یان موم گر له جه سته به رئه ده ن
که چی ئه ستیره کان
وور شه یان دیت
چاو شارکی له گه ل شیتا ئه که ن
ئا وه نگی سه ر گونای مانگ
ئه تکیته پیاله یه
بو مه ستی سه ره ناموکان
هه ر که پینوس وشکی کرد
ئه سرین ......
دیری پر له ئه شك ئه نووسیته وه
له م غووربه ته ...!!
ته نها ساتیك زام خاموش نابیت
گوول پیناکه نیت
غوربه ت
نامو بوونی روحیکه
زه مه نی له مه وبه ر
له گه ل دار زه یتونیکا یاری ئه کرد
کاتی ره هیله به سه ریدا ئه هاته خوار
گه لاکانی ئه توران ... و
بارانی نائومیدی
زامه کانی ساریژ ئه کرد
ده سته کانی دوو چوله که ی ماندوو بوون
گه ران
له باله فرکیی خستبوون
لیوه کانی کانیه ك بوو
گووله به یبون له ژیرسیبه ری چناریدا
له دایك نه ئه بوو
هوره یه ك بوو...!!
بیزاری گویی لینه ئه گرت
ده فیك بوو ...!

ده رویشی  هه لیواسیبوو
کاتی  سه فه ر چرپه ی به گوییدا ئه کرد
ده رگای ژووره که ی پیوه داو
قفلی بو ده روازه ی زه مه ن
........  کری ؟؟
روح
وه کو مه لیکی ئاواره .. ئاواره بوو
په نجه کانی له ملی شیعر ترازان
بوو به نه وره سیك
ئاسمانی هه موو ده ریاکانی بری
تاوی له باوه شی ماسیه کاندا
دواجار      به سه ر سینه ی که ناره وه
ئه گیرسایه وه
روح ...!؟؟
شه مه نده فه ریکی ویل
مولگه کانی عومری  پی بری
تا له فروکه خانه ی مه نفایه کا
خوی  دوزییه وه